# دنیای منداڵان

پاشکۆی کوردستان ٨٢

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

"کوردستان" ژمارە ٥٠٧، ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٨٨، (٢٠ ناوریلی ٢٠٠٩)


## منداڵان میوەی ژیانن




dinyaymindalan@yahoo.com dinyaymindalanpdki@yahoo.com

# سەردان



تا ئێستا سەردانی کەس و کاری خۆتان کردووە؟

تا ئێستا سەردانی باوەگەورەو دایەگەورەی خۆتان کردووە؟

تا ئێستا سەردانی هاوڕێکانتان کردووە؟

سەردانی یەکتر کردن، دەبێتە هۆی پتەوتر بوونی خۆشەویستیی نێوانمان. ئەم وێنانە بە دڵی خۆتان ڕەنگ بکەن.





سەرقاڵی

## کەڵەشێری ونبوو

یارمەتیی ئەو کەڵەشێرە بدەن
تا بە دانەوێڵەکەی بگات





## وێنه

وێنەگر: خلەگیان حەز دەكەی چۆن وێنەت بگرم؟

خلە: زەحمەت نەبێ بە بەلاش



## كێبەركێ

له كابرایەك دەپرسن: بۆچی ئەسپەكەت نەیتوانی سەركەوتووی كێبەركێكه بێت؟

وەڵامی دایەوە: بۆ ئەوەیكە ئەسپەكەی من زۆر بە ئەدەبەو بە ئەسپەكانی دیكەی دەگوت: ئەوەڵ ئێوە فەرموون.

## چاوپێكەوتن



رۆژێك قالۆنچەیەك هاورێكەی له نەخۆشخانەدا دەبینێو دەپرسێ: لێره چ دەكەی؟

قالۆنچە: هیچ... دایكم له ئاشپەزخانه تاكەوشی خواردووەو بریندار بووه.

## گاڵتەیەكی بێتام

رۆژێك بە مامە گورگەیان گوت: مامە گورگە؟

مامە گورگە: فەرمایش؟

گوتیان: دەمانەوێ تۆ بكەین بە شوانی مەڕەكانمان.

مامە گورگەش دای لە قاقاو دەستی كرد بە پێكەنین.

گوتیان: بۆ پێدەكەنی؟ قسەكەمان پێكەنینی بوو؟!

مامە گورگەش گوتی: دەترسم درۆ بكەن. ئەگینا من لە خوام دەوێت



## وەژین
## بگەیەننەوە لای دایکی

وەژین دەیهەوێ بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. تۆ و هاوڕێکانت دەتوانن یارمەتی بدەن تا بگەیەتەوە ماڵەوە.
(کایەیەك بۆ ٢ تا ٤ کەس)
هەر یاریزانێك مۆرەیەکی هەیە.
١ــ مۆرەکەت لەسەر خانووی دەسپێك دابنێ.
٢ـ تاسەکە هەڵخە، هەر کەسێك ١ یان ٢ بێنێ، دەتوانێ دەست پێ بکات.
٣ـ تەنیا دەتوانی لە خانوویەکەوە بۆ خانوویەك بڕۆی کە لکاوە بەو خانووەی کە مۆرەکەتی تێدایە.
٤ـ ئەگەر ژمارەیەکت هێنا کە زیاتر لە ٣ بوو، دەبێ راوەستی، تا نۆرەت دێتەوە.
٥ـ هەر کەس زووتر بگەیەتە لای دایکی وەژین، سەرکەوتووی کایەکەیە



# فیلوو

تا ئێستا فیلت دیوە؟ ئەگەر بینیوتە دەزانیت و ئەگەریش نەتبینیوە، بێگۆمان بیستووتە کە فیلەکان زۆر گەورەن. بەڵام لە سەردەمانی کۆندا بەچکە فیلێك دەژیا کە لە هەموو فیلەکانی دوونیا بچووکتر بوو، هەر بەم هۆیە پێیان دەگوت: فیلوو. فیلوو هەرچەند قامکەکانی لاقی بەرز دەکردەوە، ملی درێژ دەکردەوەو لووتی بڵیند دەکرد، باڵای بەقەد چووکەترین لقی دارێکی کورتەباڵای دارستان نەدەبوو. رۆژێك هەموو فیلەکانی دارستان کۆبوونەوە، رێبەری فیلەکان وتی: هەمووتان خۆ کۆ بکەنەوە دەڕۆین بۆ حەمام. فیلووش لە دایکی پرسی: دایکە حەمام لە کوێیە؟ دایکی گوتی: رۆڵەگیان حەمام لەو خوارەیە. بەڵام من ناتوانم تۆ لەگەڵ خۆم ببەم. چوونکە دەترسم لەژێر لاقی فیلەکانی دیکەدا پان ببیتەوە. فیلوو خەم دایگرت. چوونکە فیلووش دەیهەویست وەکوو فیلەکانی دیکە حەمام بکات. خۆزگە ئەمەندە چووکە نەبوایە. فیلەکان رۆیشتن و رۆیشتن تا بە ئاو



گەیشتن. دایکی فیلوو دارێکی بە فیلوو نیشان داو وتی: بڕۆ لەژێر سێبەری ئەو دارەدا دابنیشە تا دێمەوە. فیلوو بە سەری شۆڕ و کاتێك کە لووتی بەسەر زەویدا دەخشا، رۆیشت و لەژێر دارەکەدا دانیشت. لە دووردەستەوە بەچکە فیلەکان زۆر بە خۆشحاڵی لەنێو ئاوەکەدا حەمامیان دەکرد و لەگەڵ یەکدی کایەیان دەکرد. فیلوو بە دیتنی ئەم دیمەنانە تێکچوو و فرمێسك بە چاوەکانیدا هاتە خوارەوە. لەو کاتەدا لەپڕ دەنگێکی ناسکی بیست: ئەرێ تۆ کێی؟ بۆچی لێرە دانیشتووی؟ فیلوو، سەیرێکی دەورووبەری خۆی کرد، بەلام کەسێکی نەبینی. دەنگەکە دووبارە گوتی: ئەگەر داری، کەی سەوز بووی؟ ئەگەر کێوی... فیلوو کاتێك جوان سەرنجی دا، چاوی بە مشکێکی چووکە کەوت. زۆر بە خەمباری وتی: من بەچکە فیلێکی چووکەی بێکەڵکم. مشکەکەش بە سەرسووڕمانەوە لێی پرسی: تۆ بەم گەورەییە، چووکەی؟ من کە لە هەموو مشکەکانی دنیا گەورەترم، بەقەد قامکێکی تۆ نابم. فیلووش سەیری کرد و وتی: وایە، تۆش لە من بێکەڵکتری. مشکەکە ناراحەت بوو، گوتی: چیت گوت؟ بزانە چۆن قسە دەکەی، من یەکێك لە بەکەڵکترین و بەختەوەرترین مشکەکانی دنیام.



فیلوو سەیری کرد و وتی: تۆ کە زۆر چووکەی. مشکەکەش قیافەیەکی گرت و بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: من بۆ هەر شوێنێك کە پێم خۆش بێت دەتوانم بڕۆم، سەردانی هەموو کون و قوژبنێك دەکەم: بۆ شوێنگەلێك دەڕۆم کە تا ئێستا کەس نەڕۆیشتووە.ئەمانە هەموو بەرهەمی چووکەبوونی منە. فیلوو گوتی: ئەمانە هەمووی قسەیە. مشکەکەش گوتی: هەستە با پێکەوە کایە بکەین. هەستان پێکەوە یاریی چاوشارکێیان کرد. کاتێك کە نۆرە گەیشتە مشکەکە خۆی بشارێتەوە، فیلوو هەرچەندێك بە دوایدا گەڕا نەیتوانی ببینێتەوە. لەم کاتەدا دایکی هاتەوەو وتی: با بڕۆین. فیلووش دەنگی هەڵێناو گوتی: رۆژێکی دیکە پێکەوە یاری دەکەین. دایکی گوتی: ئەوە لەگەڵ کێ قسە دەکەی؟ فیلوو وتی: لەگەڵ هاوڕێیەکمدا کە گەورەترین مشکی دنیایە، بەڵام بەقەد قامکێکی من نابێ.

دنیای منداڵان



## له گۆشەو کەناری جیهانەوە



### قسەی مفت

کابرایەکی فەرانسەوی، دوای ئەوەیکە بۆ ماوەی ١٢٤ کاتژمێر بەبێ وچان خەریکی قسەکردن بوو، توانی ناوی خۆی لە کتێبی ڕێکۆردەکانی گینێسدا تۆمار بکات. ئەم کابرا ٦٢ ساڵەیە، ٤ شەو و ٥ ڕۆژ لەمەڕ فەرهەنگ، هونەرو بابەتەکانی دیکە، قسەی کرد و توانی ڕێکۆردێکی جیهانی بەناوی خۆیەوە تۆمار بکات. ئەمەش لە کاتێکدایە کە ڕێکۆردی پێشوو لەدەستی کابرایەکی هێندیدا بوو، کە تەوانیبووی ١٢٠ کاتژمێر بەبێ وچان قسە بکات.

### تووڕەبوون لە جۆری ئامریکایی

ژنێکی ٢٥ ساڵەی ئامریکایی کە ئێجگار لایەنگری کایەی هاکییە، لەنێوان یارییەکی دۆستانەدا، پەلاماری لایەنگرانی تیمی بەرامبەری داو کوتەکی لێدان. ئەم ژنە کاتێك کە سەیری یارییەکەی دەکردو تیمی دڵبەخوازی گۆلی خوارد، نەیتوانی خۆی ڕاگرێ و ڕۆیشتە نێو زەویی یاریگاکەو داری هاکیی لە یەکێك لە یاریزانەکان وەرگت و هێرشی کردە سەر لایەنگرانی تیمی بەرامبەر.

ئەم ژنە هەرچەند جەستەی چووکە بوو، بەڵام بە ڕادەیەك زەربەکانی بەهێز بوون کە لە ماوەی ٤ خولەکدا ٤٠ کەسی بریندار کرد. بریندارەکان دوای ئەو ڕووداوە بەخێرایی گوێزرانەوە بۆ نەخۆشخانە. هێزی پۆلیس دەستبەجێ لە شوێنی ڕووداوەکە ژنەکەیان دەستبەسەر کرد. ئێستا دۆسیەی ژنی ناوبراو لە دادگایەو چاوەڕوان دەکرێ، کە ئەو ژنە بۆ ماوەی ١ ساڵ تا ٣ ساڵ زیندانی بکرێت.



### میوە، لەجێی کڵاو



پۆلیسی نیجێرییە، لەم ڕۆژانەدا، سەرقاڵی دەستبەسەرکردنی ئەو مۆتۆرسوارانەیە کە لەجێگەی کڵاوی پاراستن، لە پێستی هەندێك لە میوەکان وەك، نارگیل سوود وەردەگرن. بەپێی یاسایەکی نوێ کە بەم زووانە لەم وڵاتەدا بەڕێوە دەچێ، هەموو مۆتۆرسوارەکان دەبێ کڵاوی پاراستنیان لەسەر بێت. پاراستن بەو مانایە کە لەکاتی ڕوودانی هەر چەشنە ڕووداوێکدا، سەری مۆتۆرسوارەکە هەر چەشنە ئازار و زەربەیەك بپارێزێ. بەڵام بەهۆی ئەوەیکە ئەم کڵاوانە ئێجگار گرانن، دەنگی نارەزایەتیی گشتیی لەم وڵاتەدا لەهەمبەر ئەم یاسایەدا بەرز بووەتەوە. چوونکە خەڵکی ئاسایی ناتوانن ئەم کڵاوە بکڕن، هەر بۆیە ناچارن لە پێستی نارگیل یان کوولەکە کەڵك وەرگرن، تا هێزی پۆلیس پێشیان پێ نەگرێ. بۆ ئەم مەبەستەش پێستی نارگیل و کوولەکە وشك دەکەنەوەو پاشان ڕەنگی دەکەن. شایانی باسە ئەم یاسایە بۆ کرێکارانی خانووبەرە قازانجی چاکی بووە، چوونکە زۆرێك لە کرێکارەکان کڵاوەکانی خۆیان کە دەبێ لەسەر کاردا لەسەریاندا بێ، دەدەن بە کرێ بەو کەسانەی کە موتوریان هەیە.



# سوودی سمێڵ و شاخچە

هەندێك لە ئاژەڵەكان سمێڵگەلێكی درێژیان هەیە. پشیلە لە سمێڵی كەڵك وەردەگرێ تا بزانێ بۆ كوێ دەچێت و لەو شوێنەدا جێی دەبێتەوە یان نا. سمێڵەكانی پشیلە بەقەد شانەكانیەتی. كاتێك كە سمێڵی پشیلە لە دار یان هەر شتێكی دیگی گیر بكات، لە ڕێگای ڕەگی سمێلییەوە هەست بەو شتە دەكات.



شەیتانۆكەكانیش لەسەر سەریان شاخچەیان هەیە، كە بۆ دۆزینەوەی ڕێگا كەڵكی لێ وەردەگرن. سەیری شەیتانۆكەیەك بكەو بزانە چلۆن لە ڕێگەی شاخچەكانییەوە گەڵاكان و بەردەكان لێك جیا دەكاتەوەو ڕێگای خۆی دەدۆزێتەوە.



# dinyay mindalan

Appendix of KURDISTAN 82

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan



سروود سەمەدی


ناز و رۆژیار رەزایی


شیلان و شەپۆل سەرایی


ئارمین و سارا ئەحمەدی


لۆنا زیرەك


هێشوو کاکە


ئەشکان و ئاهەنگ ئەحمەدی


ئەرکان بارزان


ئارەزوو مۆرادیان


رێباز خزری


ژینا قادری


سینا سەنایی


موژدە سالی


کۆیە سەفین محەممەد


لیڤین عەبدولکەریم


زریان بەهاری


راسان یووسف


محەممەد بێستون


محەممەد رزگار


ئامانج کەرەمی